سزای نوێی ئەمریکا دژی تەکانی دارایییکردنی ئێران و حزبوڵا

وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا سزای بەسەر کەسانکدا سەپاندوە کە بەو پێیە "ئاسانکارییان کردوە بۆ گواستنەوەی دەیان ملیۆن دۆلار" لە ئێرانەوە بۆ حزبوڵای لوبنان لە ساڵی 2025دا.

بەوتەی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا، نوسینگەی کۆنترۆکردنی سەروەت و سامانی دەرەکی "بڕیاریداوە ڕووشوێن بگرێتەبەر بۆ پشتگیریکردن لە چەکداماڵینی حزبوڵا بەو سەپاندنی سزا بەسەر ئەو کەسانەی کە ئاسانکارییان کردوە بۆ گواستنەوەی دەیان ملیۆن دۆلار لە ئێرانەوە بۆ حزبوڵا لە ساڵی 2025دا".

ئاماژەی بەوەشکرد، "حزبوڵا ئەو پارانە بۆ پاڵپشتیکردنی هێزە نیمچە سەربازییەکانی و ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی تیرۆریستی و بەرەنگاربونەوەی هەوڵەکانی حکومەتی لوبنان بۆ درێژکردنەوەی سەروەری خۆی بەسەر هەمو خاکی لوبناندا بەکاردەهێنێت".

وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا لە ڕاگەیەندراوەکدا پشتڕاستیکردۆتەوە، ""قەستنەوەی حزبوڵا لە کەمپانیاکانی ئاوگۆی پارە و ئابوریی نەختینەیی بۆ سپیکردنەوەی پارەی نایاسایی،

هەڵەشەی لە یەکپارچەیی سیستەمی دارایی لوبنان دەکات بە تێکەڵکردنی پارەدارکردنی تیرۆر لەگەڵ بازرگانی شەرعی" و باسی لەوەشکردوە، کەمپانیا بە مەبەستەکان ڕێگەی بە حزبوڵا دەدەن کە سروشتی ئابوری لوبنان کە تائادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای پارەی نەختینەیی بقۆزێتەوە بە سپیکردنەوەی پارەی نایاساییەکان".

سزا نوێیەکان کەسایەتییەی سەرەکییەکانی ناو تیمی دارایی حزبوڵا دەکەنە ئامانج.